الاتحاد العام للاجئين العراقيين

**THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

**راگەیاندنی ژمارە – ٧ -**

## لەکەمکردنەوەی ئازارەکانی قوربانیانی جەزیرەی(( سانتاماریا ))دا بەشداری بکەن !

### کۆمەکی مالی یەکانتان هاوپشتی یەکی ئینسانی یە !

**دۆستان**

**ئینسان دوستان**

**خاوەن ویژدان ، دڵسۆزان**

**کێ بێت هەواڵی کارەساتی جەزیرەی (( سانتاماریا ))ی بیستبێت و سەراپای بەدەنی نەهاتبێتە لەرزین و بەدەم ئەم ئازارە گەورەوە تاس نەیبردبێتەوە ؟ کام دورترین کەسی بە ویژدان لەگەل بیستنی هەوالی گیان لەدەست دانی ئەم ٣٠ ئیسانەدا بە قولترین شێوە هەستی بە ئازارو مەینەتی،خێزان و خۆشەویستانی ئەم ئازیزانەی نەکردبێت ؟**

**دۆستان ئازیزان**

**دڵنیاین کە کاریگەری ئەم ڕووداوە ئازارێکی سەختە بەدڵی هەمووومانەوە، کەبەداخەوە بەشێکی تر لە سەختی ئەم تراژیدیایە نەدۆزینەوەی جەستەی ژمارەیەکی زۆر لەقوربانیانی کارەساتەکەیە !**

**بەلام لە هەرحالدا هەر وەك پێشتر ئاگادارمان کردنەوە تا ئیستە لاشەی ٧ قوربانی دۆزراوەتەوە، کە سیانیان هەتا ئیستا نەناسراونەتەوەو هیچ کام لەو خیزانانە دڵنیا نین لەوەی کە ئاخۆ جگەر گۆشەی کامیانە.**

**لەلایەکی تریشەوە بەردەوام لەم ڕۆژانەدا ژمارەیەکی زۆر لەخێزانی قوربانیان پەیوەندیان بە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە کردوە بۆ هەواڵێکی ئازیزانیان . کێشەکە لەوەدایە کە نە ئەو لیژنەی بەدواچوونەی فیدراسیون و نە هیچ کەسانێکی تر جگە لەخێزان وخزمانی خۆیان زیاتر کەسی تر نایان ناسێتەوە. ئەمە جگە لەوەی تەنانەت ئەگەر بشناسرێنەوە گەرانەوەی هەر جەنازەیەك بۆ کوردستان لایەنی کەم ٧ هەزار ئیورۆی دەویت، کە بە دلنیای پەیداکردنی ئەو مقدارە بۆ هەر خیزانێکی ئەمرۆ لە کوردستان مەحالەو خەونیکی تالی ترە! بۆیە نوێنەرانی ئێمە لەم ڕۆژانەدا زنجیرەیەك دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەل نوێنەران و کاربەدەستانی حکومەتی ئیتالیاو حیزب ولایەنەکان ئەنجامداوە، تا بە هاوکاری ئەوان لەهەوڵی گەرانەوەی لاشەی ئەو ٧ قوربانیەدابین، بۆ کوردستان .**

**ئینسان دۆستان**

**نزیك بە دوو هەفتەیە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی جکە ناردنی لیژەنەیەکی بە دواچوون ئەم ڕووداوە هاوکات لە ئاستێکی سەرتاسەریدا لەهەول تەقەلایەکی کەم وێنەدا بووە، بۆ بەدەست هێنانی هەر جۆرە زانیاری یەك لە پەیوەند بەم ڕووداوەو دۆزینەوەی لاشەی قوربانیان و گەرانەوەیان بۆ کوردستان .**

**بەلام بەدەر لەهەر ڕێگریەك تەنها گەڕانەوەی لاشەی ئەم ئینسانانە بۆ کوردستان نزیك بە٥٠ هەزار ئیورۆی دەویت، بۆیە ڕوومان لە هەموو حیزب و لایەنیك و لە هەموو کۆروکۆمەلیك و لە هەر ئینسانیکی شەریف وئازادیخوازە کە بۆ ئەنجام دانی ئەم ئەرکە مەزن و ئینسانی یە دەست نەنین بەڕوومانەوەو لیبڕوانە کۆمەکی ماڵیمان بکەن بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە وەلەم ڕێگەیەشەوە ئێوەش لە کەم کردنەوەی ئازارو خەمەکانی خیزان وخۆشەویستانی ئەم قوربانیانەدا بەشدرای بکەن تا هەر نەبێت هیمەت و هاوکاری ئێوە ببێتە هۆی ئەوەی کە لاشەی ئەم ٧ کەسە بگەڕێنینەوە بۆ کوردستان.**

**چاوەرانی هاوکاری و هیمەتانین، دەتوانن بەم ناونیشانەی خوارەوە کۆمەکەکانتان بنێرن :**

**-NAME: THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES AND IMMIGRANTS COUNCI**
**- ADDREES : P L 3 , 00391**
**- CITI : HELSINKI**
**- COUNTRY : FINLAND**
**- ACCOUNT NUMBER :F1558000-1470212284**
**- BANK CODE :WIFT: PSPBFIHH**
**- BANKS NAME : SAMPO BANK.HELSINKI**

www.kurdistanet.org

## سكرتاريەتی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

٣٠ / ١ / ٢٠٠٣

Address: PL 3
00391 Helsinki - Finland

fediraq@welho.com
Fax : 00 358 9 2419493

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت